

زانکۆی سۆران

ڕێبەری دەرچوون

خولی سێیەم

44556

٢٠١١ - ٢٠١٢

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

واتای دروشمی زانکۆی سۆران

١. شێوەی بازنەیی دروشمی زانکۆ، واتای هاوچەرخێتی و جیهانگەریی گۆی زەوی دەگەیێنێ، کە وەک بۆتەیەک ئاوێتەبوونی زانستەکان دەگرێتەخۆی و کوردستان و زانکۆی سۆرانیشی لەناودایە.

٢. خۆری درەوشاوەی ناو بازنەکە، بە بیست و یەک تیشکەوە، هێمایە بۆ هەڵهاتنی خۆری ئازادی و ئاڵای کوردستان، کە فاکتەرن بۆ دەرکەوتنی ڕۆژی زانست و زانیاری.

٣. کتێبەکەی خوارەوە، کە وەکو دوو باڵی باڵندەی شاهۆ، زانکۆی هەڵگرتووە و بەرەو بەرزی دەفڕێ، هێمایە بۆ بناغەیەکی پتەوی زانستی، کە جیهان بە گشتی و زانکۆی سۆرانی بە تایبەتی لەسەر بەندە. دوو توێی کتێبەکەش، بەیەکەوە بەستنەوەی میژوی پڕ سەروەریی کورد و لایەنی شکۆمەندیی کلتوورمانە بە جیهانی هاوچەرخی شارستانی. بنچینەی ئەم کتێبەش لەسەر پلانی (بەرەو ئایندە) دارێژراوە، واتە، کاروانی پێشکەوتن بەردەوام و بێپایانە.

٤. لەسەر کتێبەکە ناوی زانکۆی سۆران بە کوردی و ئینگلیزی نوسراوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دامەزراوە.

٥. لە ناوەڕاستی دروشمەکە چوار باڵی شین بە دوای یەکدا ڕیزکراون، کە گوزارشت لە چوار پارچەی کوردستان دەکەن و لە باڵندە دەچن، کە بەرەو بەرزی دەفڕن و لە لایەکی تریش لە تەپۆلکە دەچن، کە گوزارشت لە تۆپۆگرافیای کوردستان دەکەن و کەوتوونەتە دامێنی دووچیای سەرکەش، کە جگە لەوەی هێمان بۆ سروشتی کوردستان، هێماشن بۆ سروشتی شاخاویی سۆران و بەرزترین لووتکەچیاکانی هەریم کە (هەڵگورد) و (کۆرەک)ن.

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

پڕۆگرامی ڕێوڕەسمی دەرچوون

- هاتنە ژورەوەی قوتابیان، مامۆستایان و ئەنجومەنی زانکۆ بۆ ناو هۆڵی ڕێوڕەسم.
- خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز.
- خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان لەگەڵ سرودی ئەی ڕەقیب.
- وتاری سەرۆکی لێژنەی باڵای ڕێوڕەسمی دەرچون.
- وتاری سەرۆکی زانکۆی سۆران.
- وتاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- وتاری نوێنەری قوتابیانی زانکۆی سۆران.
- سوێندی دەرچوان.
- بەخشینی بڕوانامەکان.
- دابەشکردنی خەڵات بە سەر یەکەمەکان.
- کۆتایی ڕێوڕەسم، چونە دەرەوەی ئەنجومەنی زانکۆ، مامۆستایان و قوتابیان.

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library